# مەرگی سوکرات

د. شێرکۆ عەبدوڵڵا



دەوڵەتشارە کۆنەکانی یۆنانو ڕۆم (ئەو دەوڵەتانەی کەلەشارێك پێکهاتبوون یان ئەو شارانەی کەلەڕووی ئیداریو سیاسییەوە دەوڵەتی سەربەخۆ بوون) کۆمەڵە خەسڵەتێکیان هەیە کەلەچیرۆکی جێبەجێکردنی حوکمی مەرگدا بەسەر سوکراتی فەیلەسوفدا زۆر بەئاشکرا دەرئەکەون. گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە دەوڵەتە کۆنانە ئەوەیە کەهیچ هێڵێك نیە ژیانی تایبەتی تاك لەژیانی گشتی کۆمەڵی جیا بکاتەوەو دەستگا سیاسیەکان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادا هەبووە. ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی تەواو تێکەڵاوی یەکتری بووبوونو مرۆڤ لەپێناسەیەکی زۆر بچووكو ساکارا کورتکرابۆوە کەپێیان ئەوت هاوشاری. چیرۆکە خەمناکەکەی سوکراتیش زۆر بەجوانی ئەم سروشتەی دەوڵەتشارە کۆنەکان نیشان ئەدات کەمرۆڤ وەك تاك هیچ ئازادییەکی لەو دەوڵەتەدا نەبووە.

دادگاییکردنی سوکرات لەساڵی ٣٣٩ی پێش زایینیدا کاتێك بوو کەدیموکراسی لەئەسینادا چەندین کۆڵەکەی پتەوی هەبووە تۆمەتەکانی سوکرات بریتی بوو لەوەی تاوانی گەورەی دەرهەق بە دینی دەوڵەت کردووە. ئەیانوت بڕوای بەخواکانی دەوڵەت نیەو پەنای بۆ خوای تر هێناوەو گەنجەکانی فریوداوە کەخواکانی ئەسینا نەپەرستنو باوەڕ بەخواوەندی تازە بێنن. ئەم دوو تۆمەتە، باوەڕنەبوون بەخواکانی شارو لەخشتەبردنی لاوان، بەدوو تاوانی زۆر ترسناك لەقەڵەم درانو ئەوەبوو لەدادگادا زۆرینەیەکی لاواز حوکمی مەرگی بۆ سوکرات دەرکرد (٢٨١ دەنگ لەکۆی ٥٠٢ دەنگ).

سوکرات وەك دواتر بۆ شاگردەکانی خۆی باسکردووە، ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە کەباوەڕی بەخواکانی ئەسینا نەمابێت، بەڵکو هێندە هەیە کە ئەو لەلایەن خوایەکی تازەوە ئەرکێکی پێسپێردراوەو ناتوانێ سەرپێچی لەو فەرمانە بکات. ئەمەش لەواقیعدا مانای وایە سوکرات ڕێگەیەکی سەربەخۆی گرتۆتەبەر، جیاواز لەو ڕێگەیەی کەهەموو خەڵکی ئەسینای لەسەرە. سوکرات لەناو ئەو هەموو خواوەندە ڕەسمیانەی ئەسینادا پەنای بردۆتە بەر خواوەندێکی تایبەت بەخۆی کەئەرکێکی تایبەتی پێسپاردووە. ئەرکەکەش ئەوەبوو کەهەموو مەسەلەکانی بفەلسەفێنێ، یەعنی بەئازادی گفتوگۆی لەسەر بکات. سوکرات، لەڕوانگەی ئەم ئەرکە گرنگەی کە پێی سپێردراوە تێگەیشت زیرەکی ڕاستەقینە لەوەدایە مرۆڤ نەزانییەکانی خۆی بدۆزێتەوە. دیارە ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش بەرژەوەندیی توێژێکی گەورەی دەستڕۆیشتوانی کۆمەڵگە ئەخاتە مەترسیەوە، بۆیە لەناو بازرگانانو شاعیرانو کاربەدەستاندا سوکرات دوژمنی زۆری بۆ دروست بوو. جەوهەری

ئەم تەرزە بیرکردنەوەیەی سوکرات تەماشاکردنو وەرگرتنی هەموو شتێکە بەگومانەوە. سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە پێمان ئەڵێن کەسوکرات لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لایەنگروهەواداری دروستکردبوو (تۆمەتبارکردنیشی بەوەی کەئەیەوێت لاوان لەخشتە بەرێت لەمەوەیە). پەیامی سوکرات لەفەلسەفاندنی دیاردەکان، لەحەقیقەتدا بانگەوازێك بوو بۆ ئەوەی کە هەموو شتەکان بخرێنە ژێر پرسیارەوەو ئەمەش ئەگەر مەعنایەکی هەبێت ئەوەیە کە سوکرات داوا ئەکات مرۆڤ مافی ژیانی هەبێت وەك تاکێك. سوکرات وەکو کودەتاچییەك ئەم هەڵوێستەی هەڵنەبژاردووە بەڵکو قەناعەتی تەواوی هەبووە کەناوەڕۆکی پەیامەکە سوودی گەورەو فراوان بەکۆمەڵگەش ئەگەیەنێت.

کاردانەوەی سوکرات بەرامبەر بڕیاری کوشتنی، چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تیایە. یەکەم ئەوەیە کە سوکرات حوکمەکەی قبوڵکرد. لەلای سوکرات، مردن جیهانێکی نەزانراوەو کێ ئەڵێ خێری تیانیە. خاڵی دووەم گرێدانی مەسەلەکەیە بەخواکانەوە کەواتە مردنەکەی هەم لایەنێکی پیرۆزی تیایەو هەم ناشتوانرێ سەرپێچی لێ بکرێ.

کەسوکرات دەستبەرداری ژیانی خۆی بوو، بۆ ئەوەبوو بایەخی پەیامەکەی بۆ ئەسیناو هەموو دنیا دەربخات. پەسەندکردنی بڕیارەکەش لەلایەن زۆرینەیەکی کەمەوە نیشانەی ئەوەیە کەلەو سەردەمەی ئەسینادا کەمایەتیەکی بەرچاو هەبووە کەهەڵوێستی ئەویان پێ پەسەند بووە، یان لایەنی کەم بەهەڕەشەیەکی هێندە گەورەیان نەزانیوە کەشایستەی کوشتن بێت. سوکرات خۆی بەتاوانبار نەئەزانیو هەرچەندە دادگا مافی ئەوەی دابوویە کەحوکمەکەی لەگەڵیانا موناقەشە بکات، بەڵام نەیکرد، هەروەها داواشی نەکرد حوکمەکەی بۆ کەمبکەنەوە یان لەباتی کوشتنی، دووری بخەنەوە بۆ وڵاتێکی تر. لەوانەش گرنگتر ئەوەیە سوکرات هەوڵی نەدا لەزیندان هەڵبێت، هەرچەندە هاوکارەکانی ئەیانتوانی زیندانەکەی بۆ بشکێنن. دواجاریش کە حوکمەکە جێبەجێ کرا، بەپێی بڕیارەکە، خۆی بەدەستی خۆی پەرداخە ژەهرەکەی خواردەوە.

ئەم مردنەی سوکرات، هەموو ئامانجەکانی سوکراتی هێنایەدی. سەلماندی کەئەو وەکو تاکێك خاوەنی بڕیارو کەسایەتی سەربەخۆی خۆیەتی.



سەبارەت بەهەڵنەهاتنیشی، هاوڕێو هاوکارو شاگردەکانی ئەڵێن سوکرات بۆیە هەوڵی لەزیندان هەڵاتنی نەداوە، چونکە هیچ شارێکی تری لەبەرنامەدا نەبووەو قەناعەتی وابووە شارەکانی ترو وڵاتەکانی تر هیچیان لەئەسینا جیاواز نیەو عەینی تاسو حەمامە. بۆیە بڕیاری دا لەئەسینا بمێنێتەوەو حوکمی کوشتنەکەش قبوڵ بکات، تابەرامبەر خۆی بەڕاستگۆیی بمرێتو ئەرکەکەی بەوپەڕی ئەمانەتەوە بگەیەنێتە ئەنجام. کەواتە مەرگی سوکرات. شکستهێنانی دەوڵەتێکی نیشاندا کەنەیتوانی ئازادی مرۆڤ قبوڵ بکاتو ڕێ لەئازادی بیرکردنەوە نەگرێت. سوکرات بەم مردنەی، هەقیقەتی خستە سەروو نەریتو عاداتە کۆمەڵایەتیەکانەوە، عەدالەتی لەسەر لوتکەیەکی تر دانا جیاواز لەو شوێنەی کەقەناعەت باسی ئەکات. بۆیە کەسێکی وەکو پییەر هادو کەدەربارەی سوکرات ئەنووسێت ئەڵێت: سوکرات یەکەمین تاکی مێژووی فیکری خۆرئاوایە.

پییەر ئەڵێت سوکرات سەلماندی کەترسی مەرگی تاکەکەسێك نابێ وامان لێبکات ئەقڵە ژەنگ گرتوەکەی دەوڵەت قبوڵ بکەیت. دەوڵەتشارەکەی ئەسینا، سەرباری ئەوەش کەدیموکراتیك بوو، نەیتوانی جیاوازییەك بدۆزێتەوە لەنێوان مەودا گشتیو مەودا تایبەتەکانداو هەرگیز ئەوەی پێ قبوڵ نەکرا کەدەوڵەت شتێك بێتو کۆمەڵگەش شتێکی تر. بەکورتیو کرمانجی، ئەسینا بەکوشتنی سوکرات خەتێکی ڕاستو چەپی هێنا بەمۆدێرینیەتی سیاسەتدا.

نووسەرانو ئەندێشەران ئەڵێن، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا زۆر دەوڵەتو پێکهاتەی سیاسی هەن کەلەئەسینا خراپتر ترسی مۆدێرینتەی سیاسییان هەیە.